# مەهاباد قەرەداغی، دوو هەنگاو بۆ دوواوە.. هەنگاوێك بۆ پێشەوە!

سالار ڕەشید
salarrasheed@yahoo.com



كە وەڵامەكەی مەهاباد قەرەداغی ئەخوێنیتەوە، لە تویێلۆی هەر وشە و دەستەواژەیەكدا ئەوەت دێتە پێش چاو، كە چۆن مەهاباد دوو پێی ئەدا بە زەویدا و لە غەزەبی خۆیدا هەڵئەپەڕێ، وەك ئەوەی بەردت لە كەعبە گرتبێ!

وەڵامەكەی مەهاباد لە ژێر ناوی ( خێڵی كۆمۆنیستی سەربە تەریقەتی مەنسووری! وەڵامێك بۆ سالار ڕەشید، ڕوونكردنەوەیەك بۆ خوێنەر)ە، بەڵام ئەوەی سەمەرەیە ئەوەیە: نە وەڵامی منی داوەتەوە، نە وەعدەكەی خۆی بە خوێنەر بردۆتە سەر، یانی ڕوونكردنەوەیەك بە خوێنەر بدات!! بەڵكوو گرژی دەمارەكانی وای لێكردووە پەتی تەحەمول بپچڕێ و هەرچی قینی خۆی هەیە بەرامبەر بە كۆمۆنیزمی كرێكاری و مەنسوور حیكمەت بە یەكجار هەڵڕێژێ!

لە ڕاستیدا نووسینەكەی من تایبەت نەبوو بە ڕەخنەگرتن لە مەهاباد، هەروەكوو لە ناوەكەیدا هاتووە( گۆڕینی 8ی مارس، هێرشێك بۆسەر ژنان) تایبەت بوو بە ڕەخنەگرتن لە گۆڕینی ئەو ڕۆژە لەلایەن ئەنجومەنی حوكمی عێراقییەوە، مانا و مەبەستێك كە لە پشت ئەم بڕیارەوە خۆی مەڵاس داوە، ئاكامە زیانبارەكانی بۆ ژنان و بۆ تەواوی كۆمەڵی عێراقی....

هەرچی نووسینەكەی مەهاباد بوو(ڕۆژی لە دایكبوونی فاتیمەی زەهرا ڕۆژی ژنی عێراقە!!)، لەبەرئەوەی بە حیسابی خۆی ڕەخنەی گرتووە و هەڵوێستگیری كردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەلتەرناتیڤێكی پێشنیاركردووە، هەر ئەو كارە ئەنجام ئەدات كە پێشنیاری شیعە مەزهەبی نێو ئەنجومەنی حوكم كردوویانە، بۆیە لە پاڵ نووسینەكەم ڕوونكرنەوەیەكی كورتیشم لەسەر ئەوە دا.

هەروەكوو وتم مەهاباد وەڵامی ڕەخنەكانی منی نەداوەتەوە، بەڵكوو لە بری ئەوە هاتووە كۆمەڵێك وەعزی داداوە، وە كۆمەڵێ حوكمی سادیر كردووە بەبێ هێنانەوەی بەڵگە و هێنانەوەی ئەو پەرەگرافانەی كە ئەو حوكمانەی لێوە سادیر كردووە، هەر وەكوو ئەڵێت: ( لەو نووسینەدا سالار ڕەشید بە هەموو وەسیلەیەكی ناڕەوا، بە زمانێكی باوكسالارانە و بەدەر لەهەموو موراڵێكی نووسین ویستوویەتی خوێنەر چەواشە بكات سەبارەت بە هەڵوێستی ناڕەزایی من و بابەتەكەی من. نووسینەكەی ئەو، چونكە دەچێتە خانەی بوختانهەڵبەستن و ناوزڕاندنەوە نەك ڕەخنە، پێم چاك بوو وەڵامێكی بدەمەوە.)!!

كاتێك یەكێك ئەم پەرەگرافە ئەخوێنێتەوە( ئەگەر ڕەخنەكەی منی نەخوێندبێتەوە) لە دڵی خۆیدا ئەڵێت ڕەنگە ئەم نووسەرە غەدری حەسەن و حوسەینی لێكردبێت، وە ئارەزوو ئەكات بە شوێن پێنووسەكەی مەهابادا بچێت، تا بزانێت ئەو غەدرە چییە و وەڵامەكەی مەهاباد چۆنە! بەڵام زۆر دوورنا، هەر لە پەرەگرافی دوای ئەوە، خوێنەر بەجێ ئەهێڵێ و پێیان ئەڵێت ئەگەر ئەتانەوێت ئەوەتان بۆ ڕوون بێتەوە ئەمە ئەدرێسی هەردوو بابەتەكەیە و خۆتان بەو ئەنجامە بگەن!!

بەوە ئەچێت پەلەی ئەوەی بووبێت، ئەو قسانەی لە زگێتی و بە نیازە بەم حیزبەی بڵێت كە چەندین ساڵە خێڵەكەی بەرامبەر بەم حیزبە گووتوویانە هەڵیڕێژێ.

بۆیە من لێرەدا ڕونكردنەوەیەك ئەخەمە بەرچاو، كە ئەگەر بهاتبایەو مەهاباد وەڵامی ڕەخنەكەی منی بدابایەوە ئەوە ئەم ئەركەی لەكۆڵ من ئەكردەوە، وەیان بەلای كەمەوە ئەمزانی ئەو لە چ جێگایەك ڕەخنەكەی منی قبول نییە!

مەهاباد ئەڵێت: ( فاتیمەی زەهرا، جگە لەوەی دوێتی پێغەمبەر و هاوسەری عەلی کوڕی ئەبیتالیبی ئامۆزای پێغەمبەر بووە هیچ داهێنانێکی لە هیچ بوارێکدا نەکردووە و لە هیچ بوارێکدا خەباتی نەکردووە. ژنانی عێراقی هاوچەرخ بۆ دەبێت ژنێك بکەن بە سیمبولی خۆیان کە بەهۆی باب و هاوسەرەکەیەوە دەناسرێت نەك لەبەر ڕەفتار و داهێنانی خۆی! هەزارانی وەك فاتیمە لەو چەرخە لەمێژیینەدا ژیان و، چونکە ئامۆزاژن و کچی پێغەمبەر نەبوون نە ناویان ماوە و نە ناونیشان.)

لێرەدا مەهاباد ڕەخنە ئەگرێت و ئەڵێت فاتیمە هیچ ڕەفتار و داهێنانێکی نەبووە تا بە هۆیەوە بووبێتە کەسێکی ناسراو و ناودار، بەڵکوو ناسراوی و ناوداری ئەو بەهۆی ناسراوی و ناوداری باوك و هاوسەرەکەیەتی، بۆیە ئەو قابیلی ئەوە نییە، یانی ئەگەر ئەوەی وای لە باوك و هاوسەرەکەی کردووە کە ناسراو و ناودار بن ئەم بیکردایە ئەوە قابیلی خۆی بوو، وەیان ئەگەر بهاتبایەو ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی لە دایکبوونی عائیشە دابنایە بە هۆی ڕۆڵی ئەو لە جەنگ و سیاسەتدا ئەوە هەر قبوڵ بوو!

ئێستا ئەپرسم: ئایا ئەو پەرەگرافەی هێناومەتەوە لە نووسینەکەی مەهابادا نەهاتووە؟! کامەیە ئەو وەسیلە نارەوایەی کە بەکارم هێناوە؟! لە کوێدا زمانەکەم باوکسالارانەیە؟! لە کوێدا مۆراڵی نووسینم شکاندووە؟! لە کوێدا ویستوومە خوێنەر چەواشە بکەم؟! لە کوێدا بوختانم هەڵبەستووە؟! بۆچی ئەمە ناوزڕاندن بێت؟!

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە مەهاباد دێت باز ئەدات و وەڵام ناداتەوە! ڕائەکات و ئەڵێت: ( بۆ شارەزابوون لە تێڕوانینی من بەرامبەر بە مەسەلەی ژن، ئایین و هتد، خوێنەر دەتوانێ بڕوانێتە کتێبە چاپکراوەکانی من، لە ناو ئەوانەدا ئەم سێ کتێبە:........)!

مەهاباد ئەوەندە لەخۆی بایبە دێت وەعز دائەدات کە نووسینی زانستی ئەبێ وابێ و وا نەبێ! ئایا ئەوە زانستی و لۆژیکە تۆ بە یەکێك بڵێیت بڕۆ نووسینەکانی چەند ساڵ پێش ئێستام بخوێنەوە؟! ئایا مامەڵە لەگەڵ تێکستی مەوجود ئەکرێت یان چەندساڵ لەمەوبەر؟! دیارە ئەکرێ بۆ مەبەستی تر سەرتاپای نووسینەکانی نووسەرێك بخوێنرێتەوە، بەڵام هەر نووسینەش حیسابی تایبەتی خۆی هەیە، ئەکرێ بە تەنها ڕەخنەی ئاراستە بکەیت. بەڵام کاتێك مەهاباد ئەڵێت بڕۆن نووسینەکانی ترم بخوێننەوە ئەوە دوو مەبەستی هەیە، یەکەم: ناتوانێ داکۆکی لەو پەرەگرافەی نووسینەکەی بکات. دووەم: ئەیەوێت ڕیکلام بۆ خۆیی و نووسینەکانی بکات، کە ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتە زۆر زەقەکانی ئەم نووسەرە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من لە ڕەخنەکەی خۆم ئەوەم پیشانداوە کە بەهەرحاڵ ئەمە مەسەلەی بنەڕەتی و ئەسڵی نییە، وتوومە: ( بەڵام لەمانە سەیرتر ئەوەیە کە نووسەر هاتووە نەك هەر داکۆکی لە ڕۆژی (8)ی مارس ناکات بەڵکوو هاتووە ئەویش بە هەمان ڕەووشتی ئیسلامی سیاسی شیعە مەزهەب بەڵام لە ڕوانگەی ناسیونالیزمێکی ئصوڵییەوە ئەیەوێت لە شەڕی تیرە و تایفە و مەزهەبی نێو ئەنجومەنی حوکم ئەمیش بۆ قەومپەرستانی کورد بەشێك بپچڕێ، ئەویش بەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی ژنانی کورد بە ڕۆژی ژن لە کوردستان دابنرێ!).

ئەمە باسی بنەڕەتییە. چ هەڵوێستێك ئەگریت لە بەرامبەر بڕیارێك کە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی ژن تێك ئەدا؟ ئایا لەگەڵ ئەوەدایت ئەو ڕۆژە تێکبدرێت وەیان نا؟

مەهاباد ئەڵێت: ( ژنانی کورد دەبێ ڕۆژێکی تایبەت و سیمبولێکیان بۆ خۆیان هەبێت)!!

ئەمە هەڵوێستی مەهابادە لەبەرامبەر ئەو بڕیارە... یانی ڕەخنەی ئەو لەوێوە نییە کە ئەو ڕۆژە ئەگۆڕدرێ، بەڵکوو هیچ لارییەکی لەوبارەوە نییە، بەڵام ڕەخنەکەی ئەو لەوێوەیە کە فلان نەبێ فیسار بێ!!

من به داوای لێبووردنەوە لە خوێنەری بەڕێز، جارێکی تر ئەو پەرەگرافەی نووسینەکەی مەهاباد ئەهێنمەوە: (لەو نووسینەدا سالار ڕەشید بە هەموو وەسیلەیەکی ناڕەوا، بە زمانێکی باوکسالارانە و بەدەر لەهەموو موڕاڵێکی نووسین ویستوویەتی خوێنەر چەواشە بکات سەبارەت بە هەڵوێستی ناڕەزایی من و بابەتەکەی من. نووسینەکەی ئەو، چونکە دەچێتە خانەی بوختانهەڵبەستن و ناوزڕاندنەوە نەك ڕەخنە، پێم چاك بوو وەڵامێکی بدەمەوە.)!!

ئێستا ئەپرسم: ئایا ئەو دێڕەی پێشتر هێنامەوە( ژنانی کورد....) قسەی مەهاباد نییە؟! ئایا بەڕاستی ئەمە هەڵوێستی مەهابادە، وەیان من بوختانم بۆ هەڵبەستووە؟! هیچ شتێکی ناڕەوام کردووە؟! بۆچی زمانەکەم باوکسالارانەیە؟! بۆچی مۆراڵی نووسینم شکاندووە؟! لە کوێدا ویستوومە خوێنەر چەواشە بکەم؟! ئایا ئەمە ناوزڕاندنە؟!

من ئەپرسم: ئایا ئەو کراسەی مەهاباد ئەیەوێ بیکاتەبەر من بەهیچ جۆرێك ئەچێتە بەرم؟! ئایا ڕێکوپێك پڕ بە باڵای خۆی نییە؟!

مەهاباد ئەڵێت: (بەڕێز کەژاڵ حەمە ڕەشید هەر ڕۆژێك دوای بابەتەکەی من لە کوردستان نێتدا بابەتێکی بڵاو کردەوە. تیایدا ڕەخنەی لە بابەتەکەی من گرتبوو. پێم وا نەبوو پێویست بە وەڵامدانەوە بکات، چونکە هەرکەس ئازادە چۆن بیر لە دیاردەیەك دەکاتەوە.)!!

بەلای مەهابادەوە ئەگەر یەکێك ڕەخنەی گرت پێویست ناکات وەڵامی بدەیتەوە! بۆ؟ چونکە هەرکەس ئازادە چۆن بیر ئەکاتەوە؟! ئەمەش یانی: ئەگەر ڕەخنەت گرت...ئەوا ئازادیی بیرکردنەوەی ئەو کەسەت پێشێل کرد!! لۆژیکێکی سەیرە، ڕەنگبێ ئەمەش یەکێکی تر بێت لە داهێنانەکانی نووسەر لەمەڕ شێواز و مۆراڵی نووسینی زانستی!! من نازانم عەسەبیەت ئاوها سەری لێ شێواندووە، یان هەر بڕوای تەواوی ئەمەیە؟! ڕەنگە ئەمجارەش هاوارکا و بڵێت: ئەمە بوختانە..سالار ئەیەوێت ناووم بزڕێنێ.. بڕۆن بزانن لە فلانە نووسین و فلانە نامیلکەم چیم وتووە لەو بارەوە!!

مەهاباد ئەڵێ: ( چونکە نووسینەکەی ئەو "یانی سالار" دەچێتە خانەی بوختانهەڵبەستن و ناوزڕاندن نەك ڕەخنە، پێم چاك بوو وەڵامێکی بدەمەوە.)!

ئەمەش تەواکەری تێزە نوێکەی مەهابادە، یانی ئەو کاتێك بە پێوستی ئەزانێت وەڵام بداتەوە کە ئەو کەسە بوختانی بۆ هەڵبەستبێت و ناوی زڕاندبێت، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە، ئەبێ وەڵامی ڕەخنە بدرێتەوە، هەرچی بوختان و ناوزڕاندنیشە ئەوا زۆر جار فەرامۆش بکرێ چاکترە، چونکە ئەو کەسەی ئەوە ڕەفتارێتی خۆی وەڵامی خۆی داوەتەوە!

من لەو بڕوایەدام مەهاباد ڕاستگۆیانە ڕەفتاری نەکردووە، وە پێم وایە ئەگەر نووسینەکەی من نەك هەر ڕەخنە، بەڵکوو ئەگەر دەستی بۆ ڕیشەییترین تێڕوانین و نیازەکانی مەهاباد نەبردایە، مەهاباد نە وەڵامی ئەدایەوە، نە ئەوندە عەسەبی و نە ئەوەندەش هەناسەی کورت ئەبوو!

مەسەلەی تەوەرەیی لە نووسینەکەی من، ڕخنەگرتنە لە گۆڕینی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێی تر، ئیتر ڕۆژەکەی تر هەرچییەك بێت: فاتیمەی زەهرا، مەستۆرەی کوردستانی، مەهاباد قەرەداغی، ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ وەیان کچەکەی مارکس....چونکە ئەم مەسەلەیە سیاسییە، پێش ئەوەی سڕینەوەی ئەو بۆنەیە بێت کە بەهۆیەوە ئەو ڕۆژە دانراوە، پێش ئەوەی گۆڕینی ناوی فلان وەیان فیسار بێت، گۆڕینی ڕۆژێکە کە لە تەواوی دنیادا بە ڕۆژی هاوپشتی ژن ناسراوە، ڕۆژی تێکۆشان بۆ گێڕانەوەی جێگای ژن بۆ شوێنی سروشتی خۆی، ڕۆژی نمایشی هێزی جیهانیی لایەنگری بەرابەری کاملی نێوان ژنان و پیاوانە....

مەهاباد ئەڵێ: ( نووسینەکەی ئەو"سالار" ، چونکە دەچێتە خانەی بوختانهەڵبەستن و ناوزڕاندنەوە نەك ڕەخنە...)!!

من لە هەموو ئینسانێکی بە ئینساف ئەپرسم: ئەگەر ئەمە ڕخنە نەبێت، ئیدی ڕەخنە ڕەنگی چۆنە؟!

سەیرە! وەك ئەوەیە بڵێیت ماست ڕەشە!

ڕاستە مەهاباد لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە هەڵوێستەکەت چییە؟ نووسەرێکی شیعە مەزهەبیش هەڵوێستێکی هەیە، بەڵام چۆن هەڵوێستێك، لایەنگری بۆ لادانی ئەو ڕۆژە وەیان دژ وەستانەوەی؟

مەهاباد تەحەمولی ئەم ڕەخنەیە ناکات، بۆیە لە جیاتی وەڵامدانەوە، وە پێش هەرچییەك ئەیەوێت لە قورسایی ڕەخنەکە کەم کاتەوە و تیرۆری کات. کاتێك ئەڵێم ئەمە نەك هەر دڵسۆزی نییە بۆ ژنانی کورد و عەرەب بەڵکوو گەورەترین خزمەتیشە بە دوژمنانی ئازادی ژن... ئیتر مەهاباد نەك هەر ئاگر ئەکاتەوە، بەڵکوو پرانسیپی نووسینیش لەدەست ئەدات!

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، سایتی کوردستان پۆست چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ مەهاباد ئەنجامداوە و لەوێدا ئەڵێ من لایەنگری لە (8)ی مارس ئەکەم و لەگەڵ لابردنی نیم، بەڵکوو مەبەستم ئەوەبووە کە ژنانی کوردیش بۆخۆیان سیمبولێکیان هەبێت!! ئەوەتا ئەڵێت: ( ژنی کورد ئەگەر سیمبولێکی بۆخۆی هەبێت و سیمبولێکی هاوبەشیش لەگەڵ ژنانی جیهاندا کۆی کاتەوە هیچ نەنگییەکی تێدا نییە.)!!

لێرەدا مەهاباد هەنگاوێك چۆتە پێشەوە، ئەیەوێت کەس نەڕەنجێنێ نە ناسیونالیستەکان، نە ژنانی یەکسانیخوازی کوردستان و دنیا!

سەیرە! مەهاباد پاشگەزبۆتەوە و ئەیەوێت بەم شێوەیە لە هەڵوێستی سەیروسەمەرەی، خۆی قوتار کات. ئاخر کەی باس لەسەر ئەوەیە ژنانی کورد وەیان عەرەب با سیمبۆلی خۆیان هەبێت؟!!!! باسەکە باسی گۆڕینی ڕۆژی (8)ی مارسە..سەیرە مەهاباد ئەوەندە وەعزی لەسەر ئەوە داوە کە نووسین و ڕەخنە و...ئەبێ وابێ و وانەبێ، بۆچی تۆزێك پەیرەوی ناکات؟! یان ئەویش وەك وەعزی مەلاکان ئەکات کە ئەڵێن بەقسەمان بکەن، بە ڕەفتارمان مەکەن!

نەك هەر ئەمە بەڵکوو هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە مارکیسزمیش هەر گۆڕیوە، ئەوەتا ئەڵێت: ( با ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە من فەلسەفەی مارکسستی بە فەلسەفەیەکی ویژدانی دەزانم و هەرگیز لەگەڵیدا ناکۆك نیم،...)!

مەهاباد ئەڵێی ئەوەی لەبیرچۆتەوە کە وتارەکەی بە ناوی چییەوە بووە( خێڵی کۆمۆنیستی سەربە تەریقەتی مەنسووری!). ئەمەش یانی: کۆمۆنیستەکان خێڵێکن، بەڵام تەریقەتی جیاوازی تێدایە، یەکێك لەو تەریقەتانە، تەریقەتی مەنسوورییە! ئەمە لە کوێ.. ئەوە لە کوێ کە (هەرگیز لەگەڵیدا ناکۆك نییم)؟!

بەهەر حاڵ، من سەرباری هەموو ئەوانە، زۆر خۆشحاڵم بە هەڵوێست گۆڕینەکەی، دەستخۆشی لێ ئەکەم.

من لێرەدا نامەوێ بچمە سەر باقی شتەکانی تری مەهاباد کە بە حیساب وەڵامی منی داوەتەوە، وەیان چاوپێکەوتنەکەی لە کوردستان پۆست، بە جیا لەوەی ئەو لە هێڵی باسەکە لایداوە، باس باسی (8)ی مارسە، ئەو هاتووە بە ئاستێکی زۆر نزم لە نووسین، دوور لە ڕاستی و بەڵگە، پەڕیوەتەوە سەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و داخی دڵی خۆی هەڵڕشتووە، ڕەنگە مەوازینی نووسینی مۆدێرن وەها بێت!!

13. 09. 2003